# وشەیەك

شاكارەكانی كاك سەدرەدینی بەهرەمەند لە چەند تەوەرێكدا خۆی دەنوێنێ :-

یەكەم: پسپۆڕایەتی زۆر دەگمەنی لە جیهانی بەرهەرای رووەك و كشتوكاڵدا، كە بەڕاستی سەدان سەد وشەی گەوارا و رەسەنی كوردی لەم دەرەتانەدا لە فەوتان دەربازكردووە و چەندین چەند كتێبیشی بە چاپ گەیاندووە.

دووەمیان: لە بواری رۆمان و چیرۆك و شیعردا، كە ئەمەش مایەی تێڕامانێكی وردە، بەتایبەتی ئەو زمانە پێسوك و جوان و رەوان و هەرەشیرنەی كە لەم بوارەدا بەكاریدەهێنێ .

ئەم چەپكە شیعرەی ئێرەش كە بە زمانێكی پڕجۆش و خرۆش و راستگۆیانە و بە سینە سۆزێكی پاكی كوردانە و مرۆڤانە دایڕژتووە، مایەی دەسخۆشی وئافەرینە و هێشتا ئەم چەشنە شیعرانە لە كوردستانی ئەمڕۆدا باوە و خوێندەواری خۆی هەیە...

رەگاژۆتربێ هەوڵە زانستی و ئەدەبیەكانی ئەم برا كۆڵنەدەرە كە زۆر بەبێ دەنگی نیشانەكانی دەپێكێ...!

محمود زامدار ٢٠٠٤/٤/٢